# ئەنفال ئەنفال

بەرەو سلێمانی ڕۆیشتن. هێندێک بەرەو شەقڵاوە چوون، بەڵام زۆربەیان ڕوویان لە نەخۆشخانەکەی شارۆچکەی ڕانیە کرد. لەڕێگەیاندا بۆ ڕانیە، گوندەکانی باروکاوە، بیرۆ، کانی بەرد و تووتنە یارمەتییان دابوون.

خەڵکی گوندی بیرۆ، عارەبانەی بە تراکتۆر ڕاکێشراویان نارد بۆ شێخ وەسان. بەدەیان عارەبانە بریندارەکانیان گواستەوە بۆ ڕانیە. هەر عارەبانەی ٥٠ - ٦٠ کەسیان هەڵگرتبوو. لە ئۆردووگای زۆرەملێی «سەرووچاوە»، تراکتۆرەکان وەستان بۆ ناشتنی لاشەی ٥٠ کەس لە بریندارەکان کەلە ڕێگەدا مردبوون. پزیشکە خۆجێیەکان لە نەخۆشخانەی ڕانیە، برینەکانیان پاک کردەوە و دڵۆپی دەرمانیان کردەچاویان، بەڵام ئەمانە هیچ کارکردیان نەبوو. ئەو شەوە تا شەبەقی دا، دەنگی گریان و هاواری منداڵ و پیر و ژن و پیاوی بریندار بوو.

سەرلەبەیانی ڕۆژی دوایی، بەکرێگیراوانی «ئەمن» و «ئیستخبارات» (دوو دەزگەی سەرکوتکەر و سیخوڕیی ڕژێمی سەددام بوون)، لەگەڵ ژمارەیەک سەرباز، گەیشتنە نەخۆشخانەی ڕانیە و فەرمانیاندا هەموو بریندارەکان بچنە دەرەوە و لە حەوشەی نەخۆشخانە سواری ئۆتۆمۆبیلە سەربازییەکان ببن کەلە حەوشەدا ڕاگیراوە بۆیان، چۆنکە دەیانەوێ لە نەخۆشخانەی سوپادا چارەسەری برینەکانیان بکەن، بەڵام بە هیچ جۆرێک نابێ نێوی ئێراق بێنن و، دەبێ بڵێن بەهۆی کیمیابارانکردنی ئێرانەوە وایان بەسەر هاتووە!

هەرئەو بەیانییە سەعات ٩، ئەو خەڵکە داماو و بریندارە، بە جل و بەرگی قوڕاوی و لەشی ماندووەوە، بە سواری ئۆتۆمۆبیلەکان گەیشتنە نەخۆشخانەی «کۆماریی» لە شاری هەولێر. لەکاتی گەیشتنیان بە نەخۆشخانەی کۆماریی، چوار کەسی دیکەیان لێ مرد. بریندارەکان هێندە زۆربوون کە قەرەوێڵەی نەخۆشخانەکە بەشی نەدەکردن. پزیشکەکان دەست بە تیمارکردنیان دەکەن، بریندارای کوێربوو، بریندارای بێهۆش، لەش ودەموچاو سووتاو هەمووی لەپەنای یەکدا تیماردەکرێن. داوایان لە بریندارەکانی چوار دانە لە ئۆتۆمۆبیلەکان کرد کە دانەبەزن، چۆنکە قەرەوێڵەیان کەمە و، دەیانەوێ هەر لەنێو ئۆتۆمۆبیلەکاندا تیماریان بکەن.کاتێک پزیشکەکان دڵۆپی دەرمانیان دەکردە چاوی بریندارەکانەوە، چاوی زۆربەیان وشک ببوونەوە و پێکەوە نووسابوون. دوکتۆرەکان دەرزی «ئەترۆپین» یان بەکارهێنا کە دەرمانێکی دژەژەهری بەهێزە بۆ گازی «ئەعساب». پزیشکەکان بەسەر نەخۆشەکاندا دەگەڕان. لەنەکاو، «بەڕێوەبەری لقی نێوخۆی ئەمن»، کە ئەفسەرێک بوو بەنێوی حەسەن نەدووری، گەیشتە نەخۆشخانە.

شایانی باسە، کۆمیتەی بەڕێوەبەرێتیی پزیشکانی نەخۆشخانەی کۆماریی لە هەولێر، بەتایبەتی مەیتخانەی کۆماریی، هەروەها نووسینگەی شارەوانی و پۆلیسی نهێنی و بارەگە سەرەکییەکانی «ئەمن» و «ئیستخبارات» و فەرماندەیەتیی ئۆپۆراسیۆنی (قیادة العملیات) ی هەموو نێوچەکانی کوردستان پێوەندیی و هاوکارییەکی تەواو لەبێوباندا هەبوو. چەند ساڵێک بوو، مەیتخانەی هەولێر، لە ڕێگەی نووسینگەی «ئەمن»ەوە، لێشاوی بەردەوامی لاشەی کوژراو دەهات بۆی. پووشەی ناسنامەی نەخۆشخانە، کەلە لایەن HRW/ME وەپشکێراون، زانیاری تەواوی پێنج سەت کوژراو دەخاتەبەردەست کەلە نێوان ١٩٦٨- ١٩٧٨ دا لە ئەمنەوە وەرگیرابوون. بێگومان زۆر نێوی دیکەش هەن کە نێوەکانیان بزر بووە، یان تۆمار نەکراون.

کاتێک حەسەن نەدووری، سەرلەبەیانیی ١٧ی ئەپریلی ١٩٨٧ گەیشتە نەخۆشخانەی کۆماریی، دوکتۆرەکان سەرقاڵی تیمارکردنی نەخۆش و بریندارەکان بوون. ئەفسەرەکە (نەدووری)، دوو بەکرێگیراوی دیکەی «ئەمن» ی لەگەڵدا بوو. لەگەڵ هاتنیان، ژمارەیەکی زۆر پاسەوان و سەرباز بەدەورووبەری نەخۆشخانەکەدا دامەزران. بەپێی شایەتیدانی هێندێ کەس، نەدووری لەگەڵ ئیبراهیم زەنگەنە پارێزگاری هەولێر، لێپرسراوی خۆجێی حیزبی بەعس کە تەنیا بەنێوی یەکەمی (عبد المنعم) ناسراوە- پێکەوە چوونە نەخۆشخانەوە. نەدووری پرسیاری لە بەڕێوەبەرێتیی نەخۆشخانە کرد سەبارەت بە نێو و جۆری ئەو دەرمانانەی کە دوکتۆرەکان داویانە بە نەخۆشەکان. پاشان نەدووری بە تەلەفۆن پێوەندیی کرد بە دەزگەی (ئەمن)ەوە بۆ وەرگرتنی ڕا و ئامۆژگاریی لە بەرپرسانییەوە. پاش ئەوەی تەلەفۆنەکەی دانایەوە، فەرمانیدا هەموو چارەکردنێک بەخێرایی بوەستێندرێت و شاشی سەر برینەکان لابەرن. دوکتۆرەکان لە هۆی فەرمانەکەیان پرسی، نەدووری گوتی: «لە بەرپرسانییەوە فەرمان دراوەپێی بۆ گواستنەوەی هەموو بریندارەکان بۆ نەخۆشخانەی لەشکریی. دوکتۆرەکان نارەزایەتییان پێشاندا، بەڵام سێ بەکرێگیراوی «ئەمن» دەمانچەکانیان